# وەزیری ناوخۆ لەگەڵ هاوتا سوریییەکەی تاوتوێی هاوکاری لە کۆنترۆڵکردنی سنووری هاوبەش دەکات

عەبدولئەمیر شەمەری، وەزیری ناوخۆ لەگەڵ هاوتا سوریییەکەی، محەمەد خالد ئەلەحموون، هاوکاری و هەماهەنگی بۆ کۆنترۆڵکردنی سنووری هاوبەش تاوتوێ کرد.

بەیاننامەیەکی وەزارەت، دەڵێت" لە پەراوێزی ئامادەبوونی لە چل و یەکەمین دانیشتنی ئەنجومەنی وەزیرانی ناوخۆی عەرەبی لە کەماری تونس، وەزیری ناوخۆ، عەبدولئەمیر شەمەری، سەردانی هاوتا سوریییەکەی محەمەد خالد ئەلەحمونی لە شوێنی نیشتەجێبوونی خۆی کرد.

بەپێی بەیاننامەکە، شەمەری جەختی لەوە کردووەتەوە کەعێراق پێشوازی لە گەلانەوەی سوریا بە دەوروبەر عەرەبییەکەی و کەبوونەوەکانی ئەنجومەنی وەزیرانی ناوخۆی عەرەب دەکات.

ئاماژە بەوەشکراوە لەم سەردانەدا گفتوگۆ لەسەر هاوکاری و هەماهەنگی کرا بۆ کۆنترۆڵکردنی سنوور و دەروازە هاوبەشەکان و ڕێگریکردن لە ئێپەراسیۆنەکانی قاچاخچێتی بەتایبەتی مادە هەشبەرەکان.

شەمەری ئاماژەی بەوەشکردووە لەهەفتەی ڕابردوو کەبوونەوەیەکی چوارقۆڵی لە عەممانی پایتەختی ئوردن بەڕێوەچوو، وتەدا زۆر بابەتی پێویست بە کاری هاوبەشی ئەمنی نێوان چوار وڵات، لەنێویاندا سوریا وروژێنرا، جەختیشی لەوە کردەوە کەلە نێوان کەمارەکانی عێراق و سوریا کاری دوولایەنە لە زۆر بواردا هەیە، لەوانەش بڕێنگاربوونەوەی تاوانە سنووربڕێنەکان و تاوانە ڕێکخراوەکان و

بەرەنگاربوونەوەی ماددە هەشبەرەکان.